


درک وگوڵ

بەشی سێیەم

ئیبراهیم ڕەحمەد

ڕۆمان

43757

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بلاوکراوەی ئیبراهیم ئەحمەد فاوندەیشن



ناوی کتێب: دڕک و گوڵ- بەشی سێیەم
نووسین: ئیبراهیم ئەحمەد
دیزاینی بەرگ: عەلی ئەرشان خان
خۆشنووسی سەر بەرگ: ئەحمەد سەعید
دیزاینی ناوەوە: بوار نوورەدین
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
لە چاپخانەکانی تاران- ئێران چاپکراوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ١٣٧٠ی ساڵی ٢٠٢١ی پێ دراوە

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

١

پاش مال گواستنەوە بۆ بەغا، زۆراب یەکجار خۆی بەردابوو، ناومالێکی جوانی باشی کڕی، بۆ ژووری دیوەخان و نانخواردن و بۆ ئەوەی بێ خورشەیی زۆر بە گوڵنازەوە دیار نەبێ، مەکینەیەک و کەلوپەلی تازەی چێشت لێنانی بۆ کڕی، هەروەها ژنێکیشی پێ ڕاگرت، کە بەیانیان مالیان بۆ پاک کاتەوە و قاپ و قاچاغیان بۆ بشوا.

تەنیا ئەو شتومەکە کۆنە شکاوانەی گوڵناز هێنابوونی، لێیان بووبوو بە تەوق. نەیان ئەزانی لە کوێیان دانێن، خانووەکەیان بریتی بوو لە پێنج ژوور و هۆڵێک، دوو ژووری لە سەرەوە بوو، دایان نابوو بۆ نوستنی خۆیان و نەریمان، سێ ژوورەکەی خوارەوەش، گەورەکەیان بۆ دیوەخان و ژوورەکەی تەنیشتیشی، بۆ نانخواردن. بۆ زەخیرە و هەموو شتێکی کەش، تاقە یەک ژووریان بۆ ئەمایەوە و ئەبوو خۆشیان بە درێژایی کات، لە هۆڵەکە دانیشتنایە.

حەوشەکەشیان جێگەی وای نەبوو شتی لێ دابنرێت، پێشەکەی باخێکی خنجیلەی خۆشی تیابوو، چیمەنێکی جوانیش لە پشتەکەیەوە بوو. بۆیە گوڵناز خۆشی دانی بەوەدا نا، کە خانووەکەیان جێی ئەو دار و تەختە و شتانەی تیا نابێتەوە، لەبەرئەوە بە ناچاری هەندێکی لێ بردنە سەربان، لە هەورەبانەکەیانا کەڵەکەی کردن و ئەوی کەشی قادری لەمەڕ نووری بەگ، بردنی بۆ خۆی.

بەرامبەری خانووەکەیان و لای ڕاستی، زەویی چۆڵ بوو، لای چەپیانەوە، کۆڵانەکە دوو مالی کەی تیا بوو، مالی نووری بەگیش

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

کەوتبووە ئەوپەڕی شەقامەکە، بە قسەی قادر، کە ئەیوت: پێواومە، ١٢٦١ هەنگاو، لەمانەوە دوور بوو.

دوای هاتنیان بە ڕۆژێک، موونا خانم هاتە لایان، بەخێرهاتنی لێ کردن و بانگێشی کردن بۆ ماڵی خۆیان، بۆ نانی نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی. ئەمە بوو هەموو کاسە دراوسێیێتیی بەغایان. گوڵناز بیری ئەکردەوە و لە دڵی خۆیا ئەیوت: «کوردستان نەبێ ١٥- ٢٠ ڕۆژ لێدەی لە قبووڵی و ڕانە مریشک و پەردەپلاو و فڕنی و فاڵوزە و ئەم شتە خۆشانە، بێ ئەوەی ئاگر لە ماڵتا بکرێتەوە بۆ چێشت.» لای گوڵناز سەیر ئەوەبوو کە لە بەغا کوردەکانیش خووی شارەکەیان گرتبوو، نەیئەزانی کە ئەوە بە لای زۆریانەوە، یەکێک بوو لە خۆشییەکانی ژیانی بەغا، کە لەو عادەتە بە ئەرکە ڕزگاریان بووە.

جگە لەو نیوەڕۆیەی بۆ فراڤین چوونە ماڵی نووری بەگ، جارێکی کەیش ڕۆژی هەینی موونا خانم ئەنێرێ بە دوایا، چونکە ڕۆژی قبووڵیان ئەبێت.

دوای ئەم چوونە قبووڵە، گوڵناز بۆی دەرئەکەوێ، کەوا کارێکی ئاسان نییە ببێ بە هاوڕێ و دۆستی ئەو ژنانەی لە قبووڵەکەدا چاوی پێیان کەوت. نەک هەر لەبەرئەوەی، کە هیچ شتێ لەبارەی دەستوور و نەریتی ژیان و ڕابواردنیانەوە نازانێت، چونکە بە هیچ ڕەنگێکی ڕەوشت و خوو و چەشنی هەڵسان و دانیشتن و دەمەتەقێ و ئاخاوتنیانی، بە دڵدا ناچێ. گۆڕانکارییەکی ئاودامانی دەروژوور، دیمەنی و دەروونیشی ئەوێ، کە بتوانێ لەگەڵیان هەڵبکات، بەبێ

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ئەوەی هەست بە بێگانەیی و ئاوەکێتیی[1] خۆی بکات. لەگەڵ ئەمەشدا، بڕیاری بە یەکجاری خۆڵێ دوورخستنەوەشیانی نەدا. «جارێ با پەلە نەکات، چونکە هیچ ڕێی تێ ناچێت ئەم هەموو ژنە، وەک بە مەکینە دروست کرابن، وەها لەیەک بچن، کورد وتەنی: ژنیش هەیە و ژانیش هەیە. ڕەنگە ئێستە نیازیان ئەوە بێ، کە پێشکەوتوویی و بەرزیی پلەی شارستانییەتیی خۆیان، پیشانی ئەم ژنە کوردە نەزانە بدەن!»

دوای ئەمە چەند جارێکی کەش، هەندێ لەم ژنانەی لە ماڵی موونا خان و ماڵی تریش، چاوی پێ ئەکەوێت و لە ناویانا دائەنیشێ، لەگەڵ ئەوەشا هەتا دێت بۆچوونەکەی خۆی لەبارەی هاتوچۆنەکردنیانەوە، بەهێزتر ئەبێ لە لای و تەنیا موونا خانیان تیا ئەبینێ، کە جیاواز بێ لێیان، هەر هیچ نەبێ لەوەدا، کە هەمیشە لە کۆبوونەوەکانیاندا، لە هەموویان کەمتر ئەدوێ و کە ئەشدوێ، قسەکانی لێکدراوانە و بژارکراو و ڕێکوپێک ئەبن و هەرگیز گوێی لێ نابێ، کە وەکوو ئەوانی تر جڵەو بۆ زمانی بەرەڵا بکات و پەرژین بشکێنێ و چی بە دەما دێت، بیڵێت. ئینجا گەیشتنی بەم ڕەئییە، لە خزمایەتییەکەی مێردەکانیان، زیاتر وای لێ ئەکات، کە هەر ئەو بە دۆست و دەستەخوشکی خۆی دابنێ و ئەویش کەم ڕۆژ ئەبێ لە چوونە دەرەوەکانیا، بە ئوتومبێلەکەی سەرێ لەم نەدا و ئەگەر پێشی نەکرا هەموو جارێ لەگەڵ خۆی ببیا، سێ چوار کۆگای گەورەی بگێڕێت، لە لای دائەنیشێ و ئەکەوێتە قسەکردن بۆی. جاری وا ئەبێ لە سەعات زیاتر لای ئەمێنێتەوە و بەو دەم و کاوێژە خۆشەی، باسی ژیانی بەغا و ڕابواردنی خۆی و

---

[1]- ئاوەکێتی: ئەو شتانەیە کە ئاو، یان لافاو دەیانهێنێ. لێرەدا کینایەیە بە بێگانەبوون. (بوار نووریەدین)

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library